



# هێما و
# کەرەستەکانی هاتوچۆ

## 4


37
57

# TRAFFIC SIGNS



# 37 تێگەیشتن لە ئاماژەکانی پۆلیسی هاتوچۆ

- وەک شۆفێر پێویستە پابەندبیت بە هێما و لەبەرچاوگرتنی کەرەستەکانی سەر شەقام؛ هەندێک جار لە جێگەی گلۆپەکانی هاتوچۆ (ترافیک لایتەکاندا) یان لە هەندێک بارودۆخی دیکە پۆلیسی هاتوچۆ بۆ کۆنترۆڵکردنی جووڵەی سوارڕۆکان لەسەر ڕێگاکان دەوەستێت، بۆیە دەبێت لە ئاماژەکان تێبگەیت و بتوانیت بە شێوەیەکی دروست هەڵسوکەوت بکەیت.

## گرنگترین ئاماژەکانی پۆلیسی هاتوچۆ، کە دەبێت لێیان تێبگەیت:




1 بوەستە.
ئاماژەیە بۆ وەستان



2 بەردەوامبە لە لێخوڕین.
ئاماژەیە بۆ لێخوڕین



3 فەرمانکردن بۆ وەستاندنی لایەک و ڕێگەدان بە ڕۆیشتنی لایەکی دیکە.



4 لە پێشەوە و پشتەوە، بوەستن.



5 ئاماژەیە بۆ وەستان و لادان لە لێواری ڕێگاکاندا.



- لە بەشی **17** لە یاسای هاتوچۆ، ئاماژەکردن بە دەست لە لایەن پۆلیسی هاتوچۆوە مافی پێشرەوی هەیە بەرامبەر بە سەرجەم کەرەستەکانی دیکەی ڕێگاکان. بۆیە هەر کاتێک لە لایەن پۆلیسی هاتۆچۆوە ئاماژە بۆ ئەنجامدانی فەرمانێک بکرێت، پێویستە ڕاستەوخۆ جێبەجێی بکەیت، تەنانەت ئەگەر پێچەوانەی گلۆپەکانی (ترافیک لایت) یان هێمایەکی هاتوچۆش بێت.

# 38 گڵۆپی هاتوچۆ (ترافیک لایت)

■ ئەم گڵۆپانەی هاتوچۆ لە خوارەوە بۆ ڕێکخستنی هاتوچۆی سوارڕۆکان بەکاردەهێنرێن، مەبەستی هەر یەکێکیان لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:





## گڵۆپی سوور | بۆ وەستان

- لە کاتی وەستان بۆ داگیرسانی گڵۆپی سوور، نابێت شۆفێر **هێڵی وەستان ببەزێنێت**، یان لە کاتی نەبوونی هێڵی وەستاندا نابێت لەو ئاستە زیاتر بچێتە پێش کە گڵۆپی هاتوچۆکەی لێیە، یاخود نابێت هێڵەکانی پەڕینەوە ببەزێنێت.



## گڵۆپی سوور و زەردباو

- کاتێک لەگەڵ گڵۆپی سووردا دەردەکەوێت، داگیرسانی گڵۆپی زەرد واتا کەمێکی دیکە گڵۆپەکە دەگۆڕێت بۆ سەوز **ئامادەبە بۆ لێخوڕین**، بەڵام ئەمە بە واتای ئەوە نییە کە لێخوڕەکان دەتوانن بۆ پێشەوە بڕۆن، ئەمە کار لە حوکمی داگیرسانی گڵۆپی سوور ناکات.



## گڵۆپی سەوز | بۆ پێشڕەوی

- **دەست بە لێخوڕین بکە یان بۆ بەردەوامبوونە لە لێخوڕین**، هەرچەندە داگیرسانی گڵۆپی سەوز لە یەکتربڕێکدا هەمیشە ڕێگە بە شۆفێران نادات پێشڕەوی بکەن، ئەگەر قەرەباڵغی زۆر لەناو یەکتربڕەکەدا هەبێت.



## چرکەژمێر

- چرکەژمێرێکە بە شێوەیەکی ژمارەیی (دیجیتاڵی) **کاتی پێشبینیکراو بۆ گۆڕانی گڵۆپەکانی هاتوچۆ پێشاندەدات**، وەک گۆڕانی گڵۆپی سەوز بۆ زەرد یان سوور.




## گڵۆپی زەردباو

Amber (پرتەقاڵی)

- بە تەنیا یان لەگەڵ گڵۆپی سووردا دادەگیرسێت.
- کاتێک بە تەنیا دادەگیرسێت واتا **هیچ سوارڕۆیەک ناتوانێت لە هێڵی وەستان تێپەڕێت** یاخود لە گڵۆپەکان تێپەڕێت **مەگەر ئەوەی زۆر لە گڵۆپەکان نزیک بێت** و نەتوانێت بە سەلامەتی ڕاستەوخۆ لە بەردەم هێڵی وەستاندا بوەستێت.

**بۆکسی زەرد:**
لە ناو یەکتربڕ ئەگەر گڵۆپی ترافیک لایتەکەش سەوز بێت. ڕێگە بە شۆفێران نادات پێشڕەوی بکەن ئەگەر ئەو ڕێگایەی بۆی دەڕۆن بلۆک (خنکا) بوو، واتا نابێت بچیتە ناو شوێنە ڕەنگکراوەکە ئەگەر ڕێگای دەرچوونت کراوە نەبێت.




## 39 گڵۆپەکانی هاتوچۆی تایبەت بە پیادە



- ڕەنگی سوور بۆ ڕێگەنەدانە بە پەڕینەوەی پیادەکان.
- ڕەنگی زەردباو بەو واتایەیە کە پیادەکان ناتوانن بپەڕنەوە، بەڵام ئەوانەی کە بەر لە داگیرسانی گڵۆپە زەردەکە لەسەر هێڵەکەبوون، دەتوانن بەردەوامبن لە پەڕینەوە بۆ ئەوبەری شەقامەکە.
- ڕەنگی سەوز لە نێو گڵۆپەکاندا ئەوە دەگەیەنێت، کە پیادەکان دەتوانن بپەڕنەوە.









- **گڵۆپە تروسکەدارەکان**: گڵۆپی سەوزی تروسکەدار ئەو ماوەیە پێشاندەدات کە پیادەکان تێیدا دەتوانن بپەڕنەوە و کەمێکی دیکە کۆتاییدێت و گڵۆپە سوورەکە دادەگیرسێت.
- هەرچەندە بە گشتی سیستەمی دوو ڕەنگی لە گڵۆپەکانی تایبەت بە پیادەکاندا بەکاردەهێنرێت، کە لە هەردوو ڕەنگی سوور و سەوز پێکدێت، بەڵام دەتوانرێت سیستەمی سێ ڕەنگیش بەکاربهێندرێت، کە لە هەرسێ ڕەنگی سوور، پرتەقاڵی زەردباو و سەوز یەک لە دوای یەک پێکدێت.
- گڵۆپەکانی هاتوچۆ بە شێوەی ستوونی دادەنرێن و ڕەنگی سوور هەمیشە لە سەرەوە و سەوز هەمیشە لە خوارەوە دەبێت. گڵۆپە سوورەکە لە شێوەی پیادەیەکی وەستاودا دەبێت و گڵۆپە سەوزەکەش لە شێوەی پیادەیەکی بەڕێوەدا دەبێت.
- گڵۆپەکانی تایبەت بە پیادە بە شێوەیەک دیزاینکراون بە ئاسانی بناسرێنەوە و شێوەیان لەگەڵ گڵۆپی سوارڕۆکان جیاوازە.
- گڵۆپەکانی تایبەت بە پیادە دەتوانرێت لە ڕێگای دەنگ (هەستی بیستن) و بەرکەوتنەوە بەهێزتر بکرێن و لەم ڕێگایەوە یارمەتی کەسانی نابینا بدرێت، تاوەکوو بتوانن لە هێڵەکانی پەڕینەوەدا بە سەلامەتی لە شەقامەکان بپەڕنەوە.

ڕێبەری هاتوچۆ

## 40 گڵۆپی هاتوچۆ (ترافیک لایت) لە شێوەی تیر





**دوو جۆر لە شێوەی گڵۆپی ترافیک لایت هەیە:**

1 گڵۆپەکانی خڕ و پڕە.  2 گڵۆپەکانی لە شێوەی تیرە. 

تێبینی: گڵۆپی خڕ و پڕ بۆ سەرجەم شوفێرانی ڕێگەکەیە، بەڵام گڵۆپ لە شێوەی تیر تەنها بۆ ڕێڕوێکە، ئەگەر تیرکە ڕووی لە سەرەوە یان لایەکان بوو واتا ئاماژە بۆ لێخوڕین بۆ ئەو شەقامە دەکات کە تیرەکە ڕووی لێیە، بەڵام ئەگەر ڕووی تیرەکە لە خوارەوە بوو، واتا تەنها ئاماژە بۆ ئەو شۆفێری ڕێڕەوانە دەکات کە تیرەکە ڕووی لێیە.

## 41 فلاشەری بازنەیی زەرد یان لە شێوەی تیرێکدا

**گڵۆپە تروسکەدارەکان**
Flashing Lights

ئەمەش ئاماژەیە کە شۆفێر دەتوانێت بە وریاییەوە تێپەڕبێت و دەبێت یاسای مافی پێشڕەوی بۆ سوارڕۆکانی لای ڕاست یان یاسای بەکار ڕەچاو بکات.

1 ئەگەر گڵۆپێکی سوور یان دوو گڵۆپی سوور، کە بە نۆرە دادەگیرسێن و دەکوژێنەوە، لە هەمان شوێن و بە هەمان بەرزی لەسەر یەک ڕاگر (دینگە) و ڕووەو هەمان ئاراستە دانرابن، ئەوە دەگەیەنێت کە هۆیەکانی گواستنەوە نابێت لە هێڵی وەستان یان لەو شوێنەی کە هێماکانی لێدانراوە، بپەڕنەوە:
ئەم هێمایانە دەکرێت وەک ئاماژەیەک بۆ هەبوونی هێڵی شەمەندەفەر یان پردی جۆلانەیی یان سەکۆی وەستانی بەلەم لە کەنار دەریاکاندا دابنرێن یاخود بۆ وریاکردنەوەی سوارڕۆکان کە بۆیان نییە بچنە ناو ڕێگاکەوە، بە هۆی بوونی ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەوە و تیمەکانی فریاگوزاری یان بە هۆی تێپەڕینی فڕۆکە بە نزمی لە شوێنەکەدا.



2 گڵۆپێکی زەرد یان دوو گڵۆپی زەرد، کە دادەگیرسێن و دەکوژێنەوە: ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هۆیەکانی گواستنەوە دەتوانن تێپەڕن، بەڵام پێویستە زۆر بە وریاییەوە بەردەوامبن. هەروەها ئەم گڵۆپی هاتوچۆیە دەتوانرێت لەو شوێنانەشدا بەکاربهێندرێت کە سیستەمی سێ ڕەنگی گڵۆپەکان تێیاندا بەکاردەهێنرێت.



# سیستەمی تابلۆکان


42





# 42 سیستەمی تابلۆکان

▪ تابلۆکان بەگوێرەی ڕەنگ و شێوە و دیزاین بەسەر چەند جۆرێکدا دابەشدەبن، کە بریتین لە ئەوانەی ناو ڕێککەوتننامەکە، بە شێوەی کۆد و بەم شێوازەی خوارەوە دیاریکراون:






- A هێماکانی ورياکردنەوە
- B هێماکانی پێشڕەوی
- C هێماکانی قەدەغەکردن یاخود سنووردارکردن
- D هێماکانی ئاراستەکردن و ناچارکردن
- E هێما تایبەتەکانی ڕێکخستن
- F هێماکانی زانیاری و خزمەتگوزارییەکان
- G هێماکانی ئاراستەکردن و شوێن و ئاماژەکردن
- H تابلۆی ژێر هێماکان




◉ عێراق و هەرێمی کوردستان پابەندەن بە هێما نێودەوڵەتییەکانی هاتوچۆ، کە لە دەقی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا دیاریکراون.

# 43 A تابلۆكانی ورياكردنەوە

■ تابلـۆی ورياكردنـەوە: ئـەم هێمایانـە دەگرێتـەوە، کـە بـە مەبەسـتی ورياكردنـەوەی شـۆفێران و بەكارهێنەرانـی دیکـەی ڕێـگا، کـە لـە پێـش مەترسـییەک یاخـود چەنـد مەترسـییەک دادەنرێـت و تێیـدا ئامـاژە بـۆ سرووشـتی مەترسـییەکە دەکرێـت.






وریابە
پێچێک بۆ لای
چەپ لە پێشە



وریابە
پێچێک بۆ لای
ڕاست لە پێشە



وریابە
پێچێک بۆ لای چەپ
پاشان بۆ ڕاست
لە پێشە



وریابە
پێچێک بۆ لای ڕاست
پاشان بۆ لای چەپ
لە پێشە




وریابە
نشیو لە پێشە




وریابە
هەوراز لە پێشە



وریابە
تەسکبوونی ڕێگا لە لای
ڕاستەوە لە پێشە



وریابە
تەسکبوونی ڕێگا
لە هەردوولاوە لە پێشە



وریابە
تەسکبوونی ڕێگا لە لای
چەپەوە لە پێشە



وریابە
پردی هەڵدانەوە
لە پێشە



وریابە
کەنار دەریا یان ڕووبار
لە پێشە، ئاستی ڕێگاکە بەرزترە



وریابە
فلکە لە پێشە



وریابە
تاسەی کەمکردنەوەی
خێرایی لە پێشە



وریابە
ڕێگایەکی شەپۆل یان
ڕێکنەخراو لە پێشە



وریابە
ڕێگای نارێک
لە پێشە



وریابە
لێوار ڕێگای مەترسیدار
لە پێشە



وریابە
ڕێگای خلیسک
لە پێشە



وریابە
پەڕینی بەرد
لە پێشە



وریابە
ئاژەڵی کێوی
لە پێشە



وریابە
ئاژەڵی ماڵی
لە پێشە



وریابە
پاسکیلسوار
لە پێشە



وریابە
منداڵ - قوتابخانە
لە پێشە



وریابە
پەڕینەوەی پیادە
لە پێشە



وریابە
شوێنی پەڕینەوەی پیادە
لە پێشە



وریابە
هەرەسی شاخ
لە پێشە



وریابە
ترافیک لایت
لە پێشە



وریابە
ڕێگای دوو ئاڕاستەت
لە پێشە



وریابە
جۆرێکی دیکەی مەترسی
لە پێشە



وریابە
یەکتربڕی کۆنترۆڵ نەکراو
لە پێشە



وریابە
یەکتربڕ لە پێشە



وریابە
ڕێگای لاوەکی
لە لای ڕاستەوە لە پێشە



وریابە
ڕێگای لاوەکی
لە لای ڕاست و چەپ
لە پێشە



وریابە
ڕێگای لاوەکی
لە لای چەپەوە لە پێشە



وریابە
یەکگرتن لەگەڵ
ڕێگای لاوەکی لە لای ڕاستەوە
لە پێشە



وریابە
یەکگرتن لەگەڵ
ڕێگای لاوەکی لە لای چەپەوە
لە پێشە



وریابە
لقی ڕێگا لە لای
ڕاست و چەپ لە پێشە



وریابە
هێڵی شەمەندەفەری بێ
لەمپەڕ لە پێشە



وریابە
هێڵی شەمەندەفەر
بە لەمپەڕەوە لە پێشە



وریابە
هێڵی ترام لە پێشە



300 مەتر
دووری



200 مەتر
دووری




100 مەتر
دووری



وریابە
مەترسی بای تەنیشت
لە پێشە



وریابە
فڕۆکەی نزم-فڕیوو لە
پێشە



وریابە
یەکتربڕ لەگەڵ هێڵی
شەمەندەفەری یەک ڕێڕەو
لە پێشە



وریابە
یەکتربڕ لەگەڵ هێڵی
شەمەندەفەری فرە-ڕێڕەو
لە پێشە

## درێژەی بابەت 43 تابلۆکانی وریاکردنەوەی کاتی

ئـــەو هێمایانــــە دەگرێتــــەوە، کــــە هەندێــــک جــــار، بــــە مەبەســتی وریاکردنــەوەی شــۆفێران و بەکارهێنەرانــی دیکــەی ڕێــگا لە مەترســییەک یاخــود چەند مەترســییەک و سرووشــتی مەترســییەکە دادەنرێــن کــە بــۆ ماوەیەکــی کاتییــە کارکــردن لــەو ڕێــگا و دەوروبــەرەدا هەیــە.



تەسکبوونەوە لە
لای ڕاستی ڕێگاوە
بۆ ماوەیەکی کاتیی



تەسکبوونەوەی ڕێگا
لە هەردوولاوە
بۆ ماوەیەکی کاتیی



تەسکبوونەوە لە
لای چەپی ڕێگاوە
بۆ ماوەیەکی کاتیی



ڕێگایەکی ڕێکنەخراو
لە پێشەوە
بۆ ماوەیەکی کاتیی



پەڕینی بەرد
لە پێشەوە
بۆ ماوەیەکی کاتیی



ڕێگای دوو ئاراستە
لە پێشەوە
بۆ ماوەیەکی کاتیی



مەترسییەک جگە
لەوانەی تابلۆکانی دیکە
بۆ ماوەیەکی کاتیی



کارکردن لەسەر ڕێگا
لە پێشەوە
بۆ ماوەیەکی کاتیی

## 44 B تابلۆکانی پێشڕەوی

تابلۆکانی پێشڕەوی بەشێکن لە کۆمەڵەی هێماکانی ڕێکخستن، کە شۆفێر لە یاسا تایبەتەکانی پێشڕەوی لە یەکتربڕ و بەیەکگەیشتنەکاندا ئاگاداردەکەنەوە، خۆیان لەم تابلۆیانەی خوارەوەدا دەبیننەوە:



هێمای **ڕێگە بدە** بریتییە لە سێگۆشەیەکی لایەکسان و سەری سێگۆشەکە ڕووەو خوارەوەیە. دەڵێت ڕێگە بە لێخوڕەکانی ڕێگا سەرەکییەکە بدە. هێواشی بکەرەوە تەماشا بکە، ئەگەر دەرفەت هەیە بڕۆ، ئەگەر دەرفەت نەبوو بوەستە.




هێمای **بوەستە** STOP
لە و شوێنانەدا دادەنرێت، کە پێویستە لێخوڕەکان پێش چوونە ناو یەکتربڕەکە بوەستن و ڕێگە بەو لێخوڕانەی ناو ڕێگا بدەن کاتێک نزیکدەبنەوە.

**تێبینی:** دەکرێت ئەم تابلۆیە جگە لە یەکتربڕەکان لە شوێنی دیاریکراوی دیکەشدا دابنرێت ئەگەر پێویست بێت.



هێمای **پێشڕەوی بۆ تۆیە**
لە یەکتربڕەکان یاخود لەو شوێنانەدا دادەنرێت کە سوارڕۆ سەر شەقامەکە ئاگاداردەکاتەوە کە مافی پێشڕەوی بۆ ئەوە و دەبێت سەرجەم لێخوڕەکانی دیکە بوەستن.



### • پێشڕەوی بۆ سوارڕۆی بەرامبەرە

بازنەیەکی سوورە، لەو شوێنانە دادەنرێت، کاتێک تەسکبوونی شەقام لە بەردەم ئەوسوارڕۆیەدا هەیە، کە تابلۆکە لە بەردەمیدا دانراوە، لەم کاتەدا ئەم تابلۆیە بۆ ئاراستەی بەرامبەر دادەنرێت.



### • پێشڕەوی بۆ تۆیە

هێمایەکی شێوە چوارگۆشە یان لاکێشەییە و تەختێکی شینی هەیە لەگەڵ تیرێکی سپی لە نێویدا، کە پێشڕەوی بۆ ئەو ئاراستەیە پێشاندەدات و تیرێکی سوور بۆ لێخوڕەکانی بەرامبەر کە پێشڕەوی نییە.



### • کۆتایی ڕێگای سەرەکی

واتا هێمای «کۆتاییهاتنی پێشڕەوی» لە کاتی گەیشتن بە کۆتایی ئەو ڕێگایە دادەنرێت، کاتێک پێشانیدەدات مافی پێشڕەی بەسەر ڕێگاکانی دیکەدا لەم خاڵەوە کە هێماکەی لێدانراوە کۆتایی دێت. ئەم هێمایە دەتوانرێت لە چەند شوێنێک بەر لە گەیشتن بە خاڵی کۆتایی ڕێگاکە دووبارە بکرێتەوە.

## 45 C تابلۆکانی قەدەغەکردن یاخود سنووردارکردن

▪ تابلۆیەکی بازنەیی سوورە، کە بۆ قەدەغە و سنووردارکردنی ئاماژەی ناو هێماکە بەکاردەهێنرێت. هەر کاتێک لە نێو تابلۆکەدا تیری ئاراستەکردن هەبێت، بە واتای قەدەغەی لێخوڕینە بەو ئاراستەیە و لە کاتی بوونی ژمارەدا بە واتای سنووردارکردن دێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:



• بۆ سەرجەم سوارڕۆکان بەکاردەهێنرێت و ئاماژە دەکات، لەم بەشەی ڕێگاکەدا چوونەناوەوە قەدەغەیە.



• بۆ سەرجەم سوارڕۆکان بەکاردەهێنرێت و ئاماژە دەکات، کە چوونەناوەوە بە هەردوو ئاراستەکەدا قەدەغەیە.



• چوونەناوەوە بۆ سەرجەم ئەو سوارڕۆیانە قەدەغەیە، کە بە هێزی بزوێنەر کاردەکەن جگە لە ماتۆڕسکیلی دوو تایە بە بێ عەرەبانە.



• چوونەناوەوە بۆ ماتۆڕسکیل قەدەغەیە.



• چوونەناوەوە بۆ پاسکیل قەدەغەیە.



• چوونەناوەوە بۆ بارهەڵگر قەدەغەیە.



• چوونەناوەوە بۆ سەرجەم ئەو بارهەڵگرانە قەدەغەیە کە عەرەبانەیان پێوە بەستراوە.



• چوونەناوەوە بۆ سەرجەم ئەو لێخوڕانە قەدەغەیە، کە عەرەبانەیان پێوە بەستراوە.



- چوونەناوەوە بۆ بارهەڵگر بە باری مەترسیدارەوە قەدەغەیە.



- چوونەناوەوە و پەڕینەوە بۆ پیادە قەدەغەیە.



- چوونەناوەوە بۆ گالیسکە (ئەو عەرەبانەیەی بە ئاژەڵ ڕادەکێشرێت) قەدەغەیە.



چوونەناوەوە بۆ عەرەبانەی دەستیی قەدەغەیە.



- چوونەناوەوە بۆ ئامێرە کشتوکاڵی و بیناسازییەکان قەدەغەیە.



- چوونەناوەوە بۆ سەرجەم ئەو سوارڕۆانەی کە بە هێزی بزوێنەر جووڵە دەکەن قەدەغەیە.



- چوونەناوەوە بۆ ئەو سوارڕۆایانەی کە بە بزوێنەر کاردەکەن یان بە گالیسکە کە عەرەبانەکەی بە ئاژەڵ ڕادەکێشرێت قەدەغەیە.



- پێچکردنەوە بۆ دەستە ڕاست قەدەغەیە.



- سووڕانەوە U-Turn قەدەغەیە.



- پێچکردنەوە بۆ دەستە چەپ قەدەغەیە.




چوونەناوەوە بۆ ئەو سوارڕۆیانە قەدەغەیە، کە پانتاییان لە 2 مەتر زیاترە.




چوونەناوەوە بۆ ئەو سوارڕۆیانە قەدەغەیە، کە بەرزییان لە 3.5 مەتر زیاترە.




چوونەناوەوە بۆ ئەو سوارڕۆیانە قەدەغەیە، کە درێژییان لە 10 مەتر زیاترە.




دووری نێوان بارهەڵگرەکان نابێت کەمتر بێت لە 70 مەتر.



تێپەڕاندنی ئەو سوارڕۆیانەی بە بزوێنەر کاردەکەن قەدەغەیە.



تێپەڕاندن بۆ بارهەڵگر قەدەغەیە، ئەگەر تێکڕای قورسایی لە 3.5 تەن زیاتر بێت.



بەکارهێنانی هۆڕن قەدەغەیە.




ئەم تابلۆیە هەر ژمارەیەکی تێدابوو بەرزترین خێرایی ڕێگەپێدراوە.



پارککردن قەدەغەیە



وەستان و پارککردن قەدەغەیە.

## وەستان

- بریتییە لە وەستانی سوارڕۆ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بە شێوەیەک لە پێنج خولەک زیاتر نەبێت بۆ سەرکەوتن یان دابەزینی سەرنشینەکان یاخود بۆ بارکردن یان داگرتنی کەلوپەل.
- ڕێگەپێدراو نییە شۆفێر ئۆتۆمبێل بەجێبهێڵێت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمتر لە پێنج خولەکیش بێت.





تابلۆکانی کۆتاییهاتنی قەدەغەکردن و سنووردارکردن: بەشێکن لە کۆمەڵەی هێماکانی قەدەغە و زانیاری بە سوارڕۆکان دەدەن کە بڕیاری تابلۆکەی پێشتر لەم خاڵەدا کۆتایی دێت.

1 
2 
3 

1. کۆتاییهاتنی قەدەغەکردن بە خێرایی دیاریکراو (60).
2. کۆتاییهاتنی قەدەغەکردن بە تێپەڕاندن بۆ لۆری.
3. کۆتاییهاتنی قەدەغەکردن بە تێپەڕاندن.

## 46 D تابلۆکانی ئاراستەکردن و ناچارکردن

- ئەم تابلۆیانە بە شێوە بازنەییەکی شین جیادەکرێنەوە لەگەڵ هەبوونی ئاماژەیەک بە ڕەنگی سپی لە نێویاندا.

**1** لە کاتی هەبوونی ئاماژەی تیرەکان لەناو ئەم بازنەیەدا، ئاماژەکە بەواتای ئاراستەکردن و ناچارکردن دێت، وەک ئەمانەی خوارەوە:


کۆتایی ئەم ڕێڕەوە پێچبکەرەوە بۆ لای ڕاست


کۆتایی ئەم ڕێڕەوە پێچبکەرەوە بۆ لای ڕاست یان چەپ


کۆتایی ئەم ڕێڕەوە پێچبکەرەوە بۆ لای چەپ


پێچبکەرەوە بۆ لای دەستە ڕاست


ئاڕاستەی لێخوڕین تەنیا ڕاستەوڕاستە


پێچبکەرەوە بۆ لای چەپ


ئاراستەی لێخوڕین لە فلکە


تەنیا بە لای ڕاستدا بڕۆ


تەنیا بە لای چەپدا بڕۆ


تەنیا بۆ پێشەوە و دەستە ڕاست بڕۆ


لێخوڕین بە هەردوو ئاراستەیە


تەنیا بۆ پێشەوە و چەپ بڕۆ

2 هەبوونی وێنە لە نێو ئەم تابلۆیەدا بە واتای دیاریکردنی ڕێڕەو دێت؛ تەنیا بۆ وێنەی ناو تابلۆکە وەک ئەمانەی خوارەوە:



ڕێڕەوی دابەشکراو
بۆ پیادە و پاسکیل



ڕێڕەوی هاوبەش بۆ پیادە
و پاسکیل



ڕێڕەوی
پیادە



ڕێڕەوی
پاسکیل



ڕێڕەوی
ئەسپسوار

3 هەبوونی ژمارە لە نێو ئەم تابلۆیەدا بە واتای کەمترین خێرایی ڕێگەپێدراو دێت؛ ئەگەر هێڵ بەسەر ژمارەکەدا هاتبێت، ئەوا ئاماژەیە بۆ ئەوەی بڕیاری تابلۆکە کۆتایی دێت.




کەمترین خێرایی
ڕێگەپێدراو




کۆتایی کەمترین خێرایی
ڕێگەپێدراو

## 47 (E) هێما تایبەتەکانی ڕێکخستن

▪ تانلۆکان بە گشتی شێوەیەکی چوارگۆشەیی یان لاکێشەییان هەیە و بە ڕەنگێکی شین لەگەڵ ئامāژەیەک یان نووسینێک بە ڕەنگێکی کاڵ لەسەریان هێماکراون، یاخود تەختێکی کاڵیان هەیە و بە ڕەنگێکی تۆخ لەسەریان نووسراوە یان ئاماژەکان کێشراون، وەک ئەمانەی خوارەوە:






1 2 3 4

- تابلۆی 1 کەمترین خێرایی ڕێگەپێدراو بۆ هەر ڕێڕەوێک.
- تابلۆی 2 کەمترین خێرایی ڕێگەپێدراو بۆ یەک ڕێڕەو.
- تابلۆی 3 خێرایی سنووردارکراو بۆ هەر ڕێڕەوێک، لەم هێمایەدا لێواری بازنەکان بە ڕەنگی سوور و نووسینەکان بە ڕەنگی ڕەش دەبن.
- تابلۆی 4 نموونەیەکە لە هێماکانی هەڵبژاردنی پێشوەختە لەو ڕێگایانەی کە لە چەند ڕێڕەوێک پێکهاتوون.



6 5

- 5 **ڕێگای خێرا Freeway** لەو شوێنە دادەنرێت، کە یاسا تایبەتەکان بە ڕێگای خێرا دەستپێدەکەن یان کۆتاییان دێت.
- 6 **ڕێگای سەرەکی Higway** لەو شوێنە دادەنرێت، کە یاسا تایبەتەکان بە ڕێگای سەرەکی لێیانەوە دەستپێدەکەن یان کۆتاییان دێت.

جیاوازی نێوان **ڕێگای خێرا Freeway** لەگەڵ **ڕێگای سەرەکی Higway**
ڕێگای ئازاد ڕێگایەکی خێرایە کە هیچ هێمای وەستان و چوارڕێیانێکی ڕاستەوخۆی نییە، ئەمەش وا دەکات زیاتر گونجاوتر و سەلامەتتر بێت، لەکاتێکدا ڕێگای خێرا دەکرێت ترافیک لایت و یەکتربڕی تێدابێت، ئەمەش وا دەکات خێرایی و سەلامەتیەکەی کەمتر بێت.

▪ تابلۆی ئاماژەکردن بۆ دەستپێکردنی ناوچەی نیشتەجێبوون یان دەرچوون لە ناوچەی نیشتەجێبوون. ناوی شارەکە یان ناوچەی نیشتەجێبوونەکەی تێدا دەبێت، یان ئاماژەی تێدایە بۆ شارێک یاخود هەردووکیان بەیەکەوە. تابلۆکانی نموونەی ئەو تابلۆیانەن، کە ئاماژە بۆ دەستپێکردنی ناوچەیەکی نیشتەجێبوون دەکەن.



## ئەو تابلۆیانەن کە تایبەتن بە ناوچەیەکی دیاریکراو (زۆن zone)



- بۆ پیشاندانی ئەوەی کە هێمایەک ڕەوایەتی ناوچەیی هەیە و بەسەر سەرجەم شەقامەکانی ئەو ناوچەیەدا جێبەجێ دەبێت، هێماکە لەسەر پانێلێکی لاکێشەیی پیشاندەدرێت، تێیدا تەختێکی ڕەنگ کراوەی هەیە. وشەی (ZONE) یان هاوتای ئەم وشەیە بە زمانی دەستووری (فەرمی) وڵاتەکە لە بەشی سەرەوە یان خوارەوەی هێماکەدا دەنووسرێت.

شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی زیاتر لەبارەی حوکمەکانی تابلۆکەوە لە پانێلێکی زیادکراو لە ژێر هێماکەوە زیاد دەکرێت یان لە بەشی خوارەوەی ناو هێماکەدا ئاماژەیان بۆ دەکرێت. ئەم هێمایە لە سەرجەم ئەو شەقامانە دووبارە دەکرێتەوە، کاتێک دەچنە ناو ناوچە دیاری کراوەکەوە. پێویستە ئەو ناوچە دیاری کراوە تەنیا ئەو شەقامانە بگرێتەوە کە هەمان تایبەتمەندییان هەیە، وەک ئەمانەی خوارەوە:



ناوچەی قەدەغەکردن به ڕاوەستان و پارککردن (ڕاگرتن)



ناوچەی کەمکردنەوەی خێرایی



ناوچەی خێرایی سنووردار 40km



ناوچەی پیادە



ناوچەی نیشتەجێبوون


شوێنی پارککردن


کامێرای چاودێریی هاتوچۆ



سنووری خێرایی گشتیی کوردستان

■ تابلـۆی ئاماژەکـردن بـۆ تەواوبوونـی ناوچەیـەک، ئـەم هێمایـە تەختێکی کاڵـی هەیـە و هێڵێکـی لار لـە گۆشـەی سـەرەوەی لای ڕاسـتی هێماکەوە بـۆ گۆشـەی چەپـی هێماکـە بـە ڕەنگێکـی کاڵ دەکێشـرێت. لـە کاتـی دانانـی یەکێـک لـەم هێمایانـە لـە سـەرجەم ڕێـگا و شـەقامەکانی دەرچـوون لـە ناوچەکـە دووبارەدەکرێتـەوە، وەک ئەمانـەی خـوارەوە:



کۆتایی ناوچەی قەدەغەکردن بە هاتوچۆی بارهەڵگر


کۆتایی ناوچەی پیادە



کۆتایی ناوچەی خێرایی سنووردار



کۆتایی ناوچەی نیشتەجێبوون



کۆتایی ناوچەی پارککردن



کۆتایی ناوچەی قەدەغەکردن بە پارککردن



■ بەشێکی دیکە لە تابلۆکانی ڕێکخستن، شێوەی چوارگۆشە یان لاکێشەی شینن و ئاماژەکانی بە ڕەنگی سپین، وەک تابلۆی زانیاریپێدان دەناسرێن، هاوشێوەی ئەم تابلۆیانەی خوارەوە:




شوێنی پارککردن




گەراجی پارککردنی بنمیچدار (سەقف)




نەخۆشخانە



لێخوڕین تەنیا بە یەک ئاراستەیە



لێخوڕین تەنیا بە یەک ئاراستەیە



شوێنی پەڕینەوەی پیادە



ڕێگای ژێرزەمینی بۆ پەڕینەوە



پردی پەڕینەوەی پیادە



ڕێڕەوی تایبەت بە بارهەڵگر



ڕێڕەوی تایبەت بە ماتۆڕسکیل



ڕێڕەوی تایبەت بە بارهەڵگر بە باری مەترسیدارەوە



سووڕانەوە (یوتێرن)



ئاراستەی لێخوڕین بۆ بارهەڵگر بە باری مەترسیدارەوە


## 48 F تابلۆکانی زانیاری و خزمەتگوزارییەکان



سەرجەم تابلۆکانی ئەم بەشە ئاماژەی ناو هێماکەیان تێدایە. هەندێک جار لە بەشی خوارەوەی هێماکەدا، ئەو دوورییە دەنووسرێت و ماوەی گەیشتن بۆ شوێنی خزمەتگوزارییەکە یان ئەو ڕێڕەوە پێشاندەدات کە دەچێت بۆ شوێنەکە، وەک ئەم تابلۆیانەی خوارەوە:




هۆتێل — ڕێستۆرانت — کافتریا — شوێنی وەستانی پاس — وێستگەی ترام — فڕۆکەخانە



خێوەتگە بۆ کەرەڤانە — چاککردنەوە (فیتەر) — بەنزینخانە — خێوەتگە(چادرگەی گەشتیاری)


## 49 G تابلۆکانی ئاراستەکردن و شوێن و ئاماژەکردن

تابلۆکانی ئاماژەکردن بۆ ڕێڕەوێکی داخراو لە شەقامێکدا دانانی تابلۆیە لە سەرەتای ڕێگا یان شەقامەکە، ئەوە دەگەیەنێت، کاتێک شەقامێکی یان ڕێگایەکی داخراو (بنبەست) لە پێشەوەیە، نموونەی ئەو هێمایانەش ئاماژە بۆ ڕێڕەوێکی داخراو دەکەن، وەک ئەم تابلۆیانە:



## تابلۆی ژێر تابلۆ


ئەم پانێڵانە تەختێکی (باکگراوندێکی) سپییان هەیە لەگەڵ چوارچێوەیەکی ڕەش ئاماژە و دەستەواژە نووسراوەکان لەسەر پانێڵەکە بە ڕەنگی ڕەش لەم بارودۆخەشدا ئاماژە و نووسراو و ژمارەکان بۆ پێشاندانی دووری یان درێژی مەوداکەن، وەک ئەم تابلۆیانەی خوارەوە:







**تێبینی**

ئەو تابلۆیانە لە کەناری ڕێگایەکدا دادەندرێت، لە تەواوی سنووری فراوانی ڕێگاکەدا کاریپێدەکرێت، بەڵام دەکرێت هێمایەک تایبەت بکرێت تەنیا بۆ یەک یاخود چەند ڕێڕەوێک، کاتێک بە هێڵێکی درێژی نەپچڕاو ئەم ڕێڕەوە جیاکرابێتەوە.



تابلۆکانی دەستنیشانکردنی لێواری ڕێگا
بۆ پێچی قووڵ (گۆچانی)



هێماکانی لێواری ڕێگا
بۆ پێچی (کەوانەیی)





پلێتی لایەکان
لێواری پرد، لێواری دیوار، ستونی ئامێرەکان
تێبینی ڕەش و زەرد هەمان واتایان هەیە.



تیرەکانی ئاراستەکردن
(جیاکەرەوەی ڕێگا)

## لەمپەری ئاگادارکردنەوە کاتی تەسکبوون یان داخستنی ڕێگا



به لای ڕاستی ئەم شریتە (تەنافە) برۆ.



بگەڕێوە (ڕێگە داخراوە).



به لای چەپی ئەم شریتە (تەنافە) برۆ.





دینگەی لێواری ڕێگا
بەکاردەهێندرێن بۆ دیاریکردنی
لێواری ڕێڕەوی فریاکەوتن
(شۆڵدەر)




قووچەک (فسفۆر)
دێزان و شێوەیان زۆرە، بەکاردەهێندرێن بۆ جیاکردنەوەی یان دیاریکردنی لێواری ڕێگا بۆ هاتوچۆی سوارڕۆ یان پیادەکان بە تێو یاندا، بەکاریشدەهێندرێن بۆ بەربەستێکی کاتیی یان هەمیشەیی.


## تابلۆکانی ڕێپێشاندان (خزمەتگوزارییەکان)

- زانیاری بە شۆفێر و بەکارهێنەرانی ڕێگا دەدەن، دەربارەی ئاراستەی لێخوڕین بۆ گەیشتن بە شوێنێکی دیاریکراو لە نێو شار و ناوچەکانی نیشتەجێبووندا. بەگوێرەی ڕەنگی پشتەوەی تابلۆکە، زانیارییەکان بۆ بەکارهێنەران ڕوونکراونەتەوە.

- لەو شوێنانەدا، کە بە ڕێگایەکی سەرەکی لەگەڵ یەکتربڕێک یان ڕێگایەکی ناسەرەکی دادەنرێن، تابلۆکە بۆ ئاماژەکردن بۆ شوێنەکان دادەنرێت و بە هۆی ڕەنگەکانەوە زانیاریت لەبارەی شوێنەکانەوە پێدەدات. ئەمانەش بە هێماکانی ڕێپێشاندان ناودەبرێن.




- ئەو ڕەنگانەی لە تابلۆکانی ڕێگاپێشاندان بەکاردەهێنرێن.



■ جیاکردنەوەی هێماکان بە ڕەنگ و نەخشەی جۆراوجۆر بۆ دڵنیابوون لە پلانی گەشتەکەت و هەڵبژاردنی ڕێڕەوی گونجاو یارمەتیت دەدات.




تابلۆیەک بە ڕەنگی شین، ئاماژەیە بۆ ناونیشانێک لە **ڕێگای خێرا** Freeway.




تابلۆیەک بە ڕەنگی سەوز، ئاماژەیە بۆ ناونیشانێک لە **ڕێگای سەرەکی** Higway لە دەرەوەی ناوچەی نیشتەجێبوون.




تابلۆیەک بە ڕەنگی سپی، ئاماژەیە بۆ ناونیشانێک لە **ڕێگایەکی سەرەکی** لە ناوچەی نیشتەجێبوون.

▪ تابلـۆکان چەنـد شـێوەیەکی جیاوازیـان هەیـە. ئـەو تابلۆیەی کـە لـە یەکتربڕێکـدا دەیبینیت لەوانەیـە بـە شـێوەی نەخشـە بێـت کـە ئاراسـتەی ڕێـگا یەکتربـڕەکان پیشـاندەدات. فراوانـی شـەقامەکان بـە هـۆی پانتایـی ئاماژەکانـی نـاو تابلۆکـەوە پیشـاندەدرێن. بـە گشـتی لـە یەکتربـڕ و فلکەکانـدا بەکاردەهێنرێـن.

▪ تابلـۆکان لەوانەیـە بـە شـێوەی کۆمـەڵ یـان لەسـەر یـەک بـن، بـەڵام ئـەم جـۆرە نەخشـەیە ڕێگاکـە پیشـاننادات و بـە گشـتی بچووکتـرە لـە تابلـۆ نەخشـەییەکان و بـۆ ئـەو یەکتربڕانـە بەکاردەهێنرێـن، کـە ڕێـگای ئاڵۆزییـن؛ یـان بـە هـۆی نەبوونـی فراوانـی تەواوەتـی شـوێنەکەوە ناتوانرێـت تابلـۆی گـەورە دابنرێـت، بەتایبەتـی لـە ناوچەکانـی نیشـتەجێبووندا.

▪ لـەم جـۆرە هێمایانـەدا، تیـرەکان ئامـاژە بـۆ ئاراسـتەکانی چوونـەدەرەوە لـە یەکتربڕەکـەدا دەکـەن. هـەر تیرێـک لەسـەر بەشـێکی جیاکـراوەی تابلۆکـە پیشـاندراوە.


▪ هێڵکارییەکانی سەر ڕێگا، یان نووسینەکان لەسەر ڕووی ڕێگا بە مەبەستی جیاکردنەوەی ڕێرەوەکان یان دووبارەکردنەوەی فەرمانێک یان ورياکردنەوە یان پێدانی زانیارییەک دەکێشرێن، بۆ بەکارهێنەرانی ڕێگا، کە ناتوانرێت لە ڕێگای تابلۆوە پیشانبدرێت بە هۆی چڕی دار و درەخت یان هەر هۆکارێکی دیکە.







▪ تابلۆکانی پیشاندانی ئاراستە






تابلۆکانی پێشاندانی دووری گەیشتن بە شوێنی دیاریکراو.




تابلۆی ئاگادارکردنەوەیە لە هەبوونی کامێرای کۆنترۆڵ.




تابلۆی گوندەکان




تابلۆی کۆڵان




تابلۆی گەڕەگ




تابلۆی شەقام





ژمارەی خانوو

# هێڵەکانی سەر ڕێگاوبان

## شوێنی پەڕینەوەی پیادە

هێڵی پەڕینەوەی پیادەکان بە هێڵی فراوان و تەریب بە ناو ڕێگاکەدا دەکێشرێت.



لە پێش هێڵی ستۆپ بۆ پیادە بوەستە



لە پێش هێڵی پەڕینەوە بۆ پیادە بوەستە



وریابە پەڕینەوەی پیادە لە پێشە

- هێڵکاری سەر ڕێگاکان بەکاردەهێنرێن، کاتێک لایەنی پەیوەندیدار بە مەبەستی ڕێکخستنی هاتوچۆ یان وریاکردنەوەن یاخود زانیاریپێدان و ڕێنماییکردنی بەکارهێنەرانی ڕێگا بە پێویستیان بزانێت. هێڵکارییەکان دەتوانرێت بە مەبەستی جەختکردنەوە یان زیاتر ڕوونکردنەوەی واتاکانیان بە تەنیا یاخود لەگەڵ هێما و ئامرازەکانی دیکەی هاتوچۆدا بەکاربهێندرێن.


1 **تاک هێڵی پچڕپچڕ**: دەتوانیت لەسەر ڕێگاکە تێپەڕاندن و گۆڕینی ڕێڕەوەکان ئەنجام بدەیت.

2 **هێڵێکی درێژی پچڕپچڕ**: لەسەر ڕێگا و شەقام بەم شێوەیەی خوارەوە بەکاردەهێنرێت:
- بۆ دیاریکردن و جیاکردنەوەی سنووری ڕێڕەوەکان، بە مەبەستی ڕێنماییکردنی شۆفێرەکان.
- بۆ وریاکردنەوەی سوارڕۆکان لە نزیکبوونەوەیان لە هێڵێکی نەپچڕاو و ڕێگەپێنەدراوەکان، یاخود بۆ وریاکردنەوەی شۆفێرەکان لە نزیکبوونەوە لە مەترسییەک. دووری نێوان هێڵەکان یاخود بۆشایی ناو هێڵە پچڕپچڕەکان پێویستە کەمتر بن، کاتێک بۆ ئەو ئامانجە بەکاردەهێنرێن.

3 **تاک هێڵی بەربەست**: ئەم جەشنە هێڵە بۆ ئەوەیە پێشانبدرێت کە نابێت تێپەڕاندن و گۆڕینی ڕێڕەوەکان ئەنجام بدەیت.

4 **جووت هێڵی بەربەست**: بەربەستی جیاکردنەوەی سایدەکانە واتا ڕێگاکە دوو ئاراستەیە.
- ناتوانیت هێڵەکان تێپەڕێنیت لە هەردوولادا.

5 **هێڵێکی بەربەست شانبەشانی هێڵێکی پچڕاو**: شۆفێران ئاگادارکراونەتەوە لەوەی پێویستە پابەندی ئەو هێڵە بن کە لە دیوی ئەوانە. ئەم یاسایە ڕێگە لە تێپەڕاندن ناگرێت، بەو شێوازەی کە لە شوێنەکەی ئەوانەوە ڕێگەپێدراوە.



1 2 3 4 5

6 ئەو هێڵانەی بە مەبەستی دەرخستنی لێواری شەقامەکان دەکێشرێن.

ئەو هێڵانەی بۆ جیاکردنەوەی سنووری ناوچەی پارککردن لەسەر ڕێگا و شەقامەکان دەکێشرێن.

ئەو هێڵە درێژانەش بۆ ڕێگەپێنەدان و سنووردارکردنی پارککردن (ڕاگرتن) و وەستان دەکێشرێن. وەکوو هێڵی بەربەست مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت.


7 **سێگۆشەی سەربەرەوخوار**: ئاماژەیە بۆ ئەوەی مافی پێشرەویت نییە، ڕێگە بدە.

8 ئەگەر هێڵێکی بەردەوام (ستۆپ) لەمبەر بۆ ئەوبەر بە نێو ڕێڕەوێک یان زیاتردا کێشرابێت، ئەوا ئەو هێڵە دەستنیشانی دەکات، کە سوارڕۆکان ناچارن بوەستن و بەردەوام نەبن لە لێخوڕین.

9 کاتێک ڕێڕەوێک بۆ هۆکارە گواستنەوە گشتییەکان (وسائل النقل العامة) تەرخان دەکرێت، وشەی پاس BUS لەسەر ئەو ڕێڕەوە دەنووسرێت.


10 هێڵکاری ئەو ڕێڕەوانەی کە بۆ جۆرێکی دیاریکراو لە سوارڕۆکان بەکاردەهێنرێن، بۆ نموونە ڕێڕەوی پاسکیل، پێویستە بە شێوەیەک بکێشرێت کە بە ڕوونی لە هێڵە پچڕپچڕ و بەردەوامەکانی دیکە لەسەر ڕێگا جیابکرێنەوە. بەزاندنی لە لایەن سوارڕۆکانی دیکەوە قەدەغەیە.


11 هێڵێکی پێچاوپێچ Zigzag، کە لە لایەکی ڕێگاکە دەکێشرێت. بۆ نموونە: لە پێش قوتابخانە و نەخۆشخانە و بنکەی پۆلیس، بنکەی ئاگرکوژێنەوە یان هەر شوێنێکی دیکەی گرنگ. بە واتای ئەوە دێت، کە پارککردن و وەستان بە درێژایی هێڵەکە لەسەر ئەو ڕێگایە قەدەغەیە. بەڵام هەبوونی وشەی Bus لەسەر ڕووی شەقامەکە لەگەڵ ئەم هێڵانەدا شوێنی وەستانی پاس پێشاندەدات.




7

8







9




10



11

## ڕەنگی شۆستە:

- بۆیەکردنی لێوار شۆستەی شەقامەکان بەشێک نییە لە هێما نێودەوڵەتییەکانی هاتوچۆ، بە گشتی بۆ دەرخستنی شۆستەیە و نیشانەی جوانکاری و خزمەتگوزاری شەقامە و شۆفێر ئاگاداردەکاتەوە لە خێرایی ئۆتۆمبێلەکەی.
- تا ئێستا لە جیهاندا ڕەنگی بۆیەی شۆستەکان یەک نەخراوە و هەر وڵاتێک بە یاسایەکی تایبەت چەند ڕەنگێکی دیاریکراو بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بەکاردەهێنێت، بۆ وەستان و پارککردن و شوێنی تەکسی و پاس و خاوەن پێداویستیی تایبەت لە شەقامەکاندا.
- لە عێراق و هەرێمی کوردستان ڕەنگی شۆستە جێگرەوەی هێمای هاتوچۆ نییە و بە واتای ڕێگەدان بەوەستان و پارککردن نییە، لە خاڵی 13 لە پاشکۆی یاسای هاتوچۆی ژمارە 86ی ساڵی 2004ی هەموارکراو لە ساڵی 2018 لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە ئاماژە کراوە کە وەستان و پارککردن لە کوێدا قەدەغەیە. لە لاپەڕە 147 ڕوونکراوەتەوە.




**تیری سەر ڕێگا:**
لە ڕێگا و شەقامەکاندا کاتێک وەک گونجاو فراوان بن بۆ ئەوەی ڕێڕەوەکان جیابکرێنەوە، ئاراستەی دیاریکراو بۆ هەر ڕێڕەوێک بە تیرێک پێشاندەدرێت، لە شوێنەکانی نزیکبوونەوە لە یەکتربڕەکاندا، هەروەها دەتوانرێت تیرەکان بۆ پێشاندان و دووبارەکردنەوەی ئاراستەی لێخوڕین لە ڕێگا و شەقامی یەک ئاراستەدا هەبن. درێژی تیرەکە نابێت لە دوو 2 مەتر کەمتر بێت. دەتوانرێت لەگەڵ تیرەکاندا دەستەواژەی بەکارهاتوو لەسەر ڕووی ڕێگا و شەقامەکە بنووسرێت.

**دوورگە یان ناوچەی بەربەست:**
شۆفێر ناتوانێت سوارڕۆکەی لەسەر ئەو بەشەی ڕێگا لێبخوڕێت، کە جووت هێڵی بەردەوام (ناپچڕپچڕ) بە دەوریدا کێشرابێت. ئەگەر جووت هێڵی پچڕپچڕ بە دەوریدا کێشرابێت، دەتوانێت شوێنەکە بۆ هاتنەناوەوە یان دەرچوون لە ڕێگاکە یان بۆ چوونە ناو ڕێڕەوی پێچکردنەوەوە بەکاربهێنێت.

**هێڵی جیاکەرەوە / ڕێچکە:** بە شێوەیەکی گشتی ڕێگا دەکات بە دوو بەش، بەشێکیان بۆ هاتن و ئەوەی دیکەی بۆ چوون، بەدەر لەوەی دیاریکرابێت بە درێژایی یاخود دیاری نەکرابێت لەسەر پانتایی ڕێگاکە.

**لەتکەرەکانی ڕێگا:** بریتین لە بەیەکترگەیشتن یان جیابوونەوەی دوو ڕێگا یان زیاتر.



**تێبینی**

- کاتێک هێڵە هەمیشەییەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو گۆڕانکارییان تێدا دەکرێت، بە هۆی کارکردن لە ڕێگادا یاخود گۆڕینی ئاراستەی ڕێگا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، پێویستە هێڵکارییە کاتییەکان بە ڕەنگێکی جیاواز لە ڕەنگی هێڵە درێژخایەنەکان ڕەنگ بکرێن.

- ئەگەر هێڵکارییەکان بۆیە بکرێن، پێویستە بە ڕەنگی سپی یان زەرد بن: هەرچەندە دەتوانرێت بۆیەی شین بۆ پێشاندانی ئەو شوێنانە بەکاربهێندرێت، لە کاتێکدا پارککرن تێیاندا ڕێگەپێدراوە؛ ڕێگەپێدانەکە بەگوێرەی چەند مەرج و سنووردارکردنێک دەبێت.




# 54 هێماکردن و گڵۆپی چواری (فلاش)


- دەستکردن بە لێخوڕین
- پێچکردنەوە بۆ لای چەپ
- گۆڕینی ڕێڕەو




- پێچکردنەوە بۆ لای ڕاست
- وەستان لە لێواری ڕێگا
- گۆڕینی ڕێڕەو



- وەستانی لەناکاودا
- بوونی مەترسی
- پەککەوتن




- کەمکردنەوەی خێرایی
- وەستان



- بوەستە




- خێرایی کەمکەرەوە




- پێویستە شۆفێر و کەسانی دیکەی سەر شەقام لە کاتی لێخوڕیندا ئاگاداربکەیتەوە، بەر لەوەی هەر جووڵەیەکی نوێ بکەیت.
- بۆ هێماکردن لە ناوچەی نیشتەجێبوون، وا باشترە بەپێی خێرایی شەقام بێت (ئەگەر خێرایی 20km بێت، 20m پێش لادان هێما دادەگیرسێنێت).
- بۆ هێماکردن لە دەرەوەی ناوچەی نیشتەجێبوون، وا باشترە دوو هێندەی خێرایی شەقامەکە بێت، پێشتر هێما دادەگیرسێنێت (ئەگەر خێرایی 80km بێت، 160m پێش لادان هێما دادەگیرسێنێت).



## 55 ناساندنی بارە مەترسیدارەکان

بارە مەترسیدارەکان بەسەر چەند کۆمەڵەیەکدا دابەش دەکرێن و بەگوێرەی ڕەنگ ئاماژەی ناو هێما تایبەتەکان و مەترسییەکان پیشاندەدرێن. ئەگەر وەک شۆفێرێک بارێکی مەترسیدارت هەڵگرتبێت، یاخود کاتێک لەسەر ڕێگاکان بارهەڵگرێک دەبینیت ئەم هێمایانەی پێوە هەڵواسرابێت، پێویستە لە واتای هێماکان بگەیت.




1. ئەو ماددانە دەگرێتەوە کە ماددەی تەقەمەنی یان هەر ئامێر و کەرەستەیەک کە ئەگەری تەقینەوەیان لێ دەکرێت.




2. گازە خێرا و زوو گڕگرتووەکان کە بەسەر سێ جۆردا دابەش دەکرێن و بریتین لە: گازە گڕگرتووەکان، گازە ژەهراوییەکان و گازە گڕنەگرتووەکان ناژەهراوییەکان و گازی ئۆکسیجین.




3. شلەمەنییە خێرا و زوو گڕگرتووەکان دەگرێتەوە. ئەمانەش ماددەکانی بۆیەکردن و مەی و بەنزین و نەوت و ئیسیتۆڵ دەگرێتەوە، کە لە ناوەڕاست بە هێمایەکی سوور جۆری ماددەکە نووسراوە لەگەڵ ژمارە ٣ لە خوارەوە و وێنەی گرافیکیی ئاگر لە سەرەوە.




4. ماددە گڕگرتووە ڕەقەکان دەگرێتەوە، ئەمەش سێ جۆر دەگرێتەوە و بریتین لە ماددە گڕگرتووە ڕەقەکان، ماددە کیمیاییە خێرا و زوو گڕگرتووەکان، ئەو ماددانەی جێگەی مەترسین، کاتێک تەڕ دەبن یاخود بە ئاو کاریان تێدەکرێت.




5. ماددەی ئۆکسان دەگرێتەوە، کە بە ڕەنگی زەرد لەگەڵ ژمارەی کۆمەڵەکە جیادەکرێنەوە.

### لەبیرتبێت

**هێماکانی وریاکردنەوە لە مەترسی ماددە گڕگرتووەکان و تەقەمەنی دابەش دەکرێن بەسەر نۆ کۆمەڵە (جۆر) بەگوێرەی توخم یان جۆری ماددەکان و مەترسییەکان.**
پێویستە ئەم هێمایانە بناسیتەوە، بۆ ئەوەی بتوانیت خۆت لە مەترسییەکان دووربخەیتەوە.




6 ماددە ژەهراوییە خنکێنەرەکان دەگرێتەوە و بە ڕەنگی سپی هێماکانی جیادەکرێنەوە.




7 ماددەی تیشکدەری ناوکی دەگرێتەوە، کە بە ڕەنگی زەرد و سپی لەگەڵ بوونی لۆگۆی تیشکدەری ناوکی جیادەکرێنەوە.




8 ئەو ماددانە دەگرێتەوە، کە ژەنگهەڵهێنەرن، هێماکەیان ڕەنگی سپی و ڕەشی هەیە و گرافیکی هێمای ژەنگهەڵهێنەر لە سەرەوەیەتی.




9 ماددەی هەمەجۆری مەترسیدار دەگرێتەوە، هێمای ئەمەش بە هەردوو ڕەنگی ڕەش و سپی لە ناوەڕاستەوە جیادەکرێتەوە یاخود هێڵی سپی و ڕەش و هێماکە لە بەشی سەرەوەیدایە.



## 56 هۆڕن

■ بۆ ئەوە دانراوە کە سوارڕۆ، پیادە و بەکارهێنەری دیکەی ڕێگا لەبارەی مەترسییەکەوە ئاگاداربکەیتەوە.

ئارامبە و توانای قبووڵکردنی بەکارهێنەرانی ڕێگات هەبێت.

### کەی دەتوانم هۆڕن بەکاربهێنم؟

- کاتێک دەتەوێت سوارڕۆکانی دیکە ئاگاداربکەیتەوە کە زۆر لە ئۆتۆمبێلەکەت نزیکدەبنەوە.
- کاتێک پێویست بێت بۆ دوورکەوتنەوە لە تووشبوون بە ڕووداو.
- کاتێک بتەوێت شۆفێرێک ئاگاداربکەیتەوە سەبارەت بە ئامادەبوونی تۆ. نموونە: ئەگەر شۆفێرێک بیەوێت پێچبکاتەوە بۆ ڕێڕەوەکەی تۆ و ئەگەری تووشبوون بە ڕووداو هەبێت.
- سەرەڕای ئەمانە بە مەرجێک دەتوانیت هۆڕن بەکاربهێنیت ئەگەر دەنگی هۆڕنەکە تۆنێکی ڕێکخراوی هەبێت و لەباربێت، نەبێتە مایەی بێزارکردن.




### کەی نابێت هۆڕن بەکاربهێنم؟

- بۆ سڵاوکردن لە کەسێک یان شۆفێری سوارڕۆکانی دیکە، چونکە دەبێتە مایەی بێزارکردنی کەسانی دیکە و دیاردەیەکی ناشارستانییە، لەوانەیە ببێتە هۆی سەرلێشێواندنی شۆفێرانی دیکە و تووشبوون بە ڕووداو.
- کاتێک شۆفێرێک دەبینیت هەڵەیەک یان سەرپێچییەک دەکات، چونکە لەوانەیە ببێتە هۆی زیاتر سەرلێشێواندن یان تووڕەکردن.
- کاتێک شۆفێرێک زۆر لەسەرخۆ لێدەخوڕێت.
- کاتێک پاسکیلسوارێک لە پێشەوە لەسەرخۆ لێدەخوڕێت، چونکە لەوانەیە بە دەنگی بەرزی هۆڕن تووشی سەرلێشێوان و ڕووداو بێت.
- بۆ دەربڕینی دڵخۆشی یان تووڕەیی.
- لە نزیک شوێنە گشتییەکان و نەخۆشخانە و شوێنەکانی حەوانەوەدا.
- بۆ منداڵ و بەساڵاچووان و خاوەن پێداویستیی تایبەت.
- لەناو تونێل و ژێر پرد و شوێنی داخراو وەک پارکی داخراوی ئۆتۆمبێل (گەراج).
- بۆ ئاژەڵ.



| ئاگاداربە | هەمیشە دەنگی هۆڕنی ئۆتۆمبێلەکەت لە دەرەوە زیاترە بەراورد بە دەنگی لە ناوەوەی ئۆتۆمبێلەکەت. |
|---|---|

## 57 ئاماژەکانی ئاگادارکردنەوەی بارهەڵگر

◎ بە لای ڕاستدا تێپەڕە



◎ ئاماژەیە بۆ بوونی
بەربەستێک
لەسەر بەشێکی ڕێگا
بۆ نموونە: سوارڕۆی
پاککردنەوەی شەقام و
ئاودانی باخچەکان.

◎ بە لای چەپدا تێپەڕە





**◎ نیشانەی سوارڕۆیەکی لەسەرخۆیە کە خێرایی لە KM/30 کەمترە.**

وەک: ◎ تراکتۆر ◎ دەڕاسە



◎ باری مەترسیداری هەڵگرتووە



**◎ نیشانەکانی ئاگادارکردنەوە لە کارکردن لەسەر ڕێگا**



◎ سوارڕۆیەکی مامناوەندە لە
3.5 قورسترە





◎ سوارڕۆیەکی درێژە (Long
Vehicle)
مەقتورەی پێوەیە و لە 7.5 قورسترە

